شوبهەی دوانزەهەم

﴿ شەفاعەت ﴾[1]

دەڵێن: هەموو موسڵمانێك باوەڕی وایە كە پێغەمبەر ﷺ و پیاوچاكان شەفاعەت دەكەن بۆ موسڵمانان لە ڕۆژی قیامەتدا. كەوابوو ئێمە هەر لە دونیادا بەزوویی داوای ئەو شەفاعەتەیان لێ دەكەین كە خوا پێی بەخشیون. وە دەڵێین ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ شەفاعەتمان بۆ بكە لای خوا. وە ئەی شێخ عبدالقادری گەیلانی شەفاعەتمان بۆ بكە لای خوا. چونكە هەروەكو لە قیامەتدا داوای شەفاعەت و بەفریاكەوتنیان لێ دەكەین، بە هەمان شێوەش دروستە لە دوای مردنیشیان هەر داوایان لێ بكەین !.

وەڵامی ئەم شوبهەیەش:

لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ ڕاستە پێغەمبەری خوا ﷺ شەفاعەت دەكات، وە هەروەها پیاوچاكانیش و، فریشتەكانیش و، شەهیدانیش شەفاعەت دەكەن، دوای ئەوەی خوا ڕێگایان پێ دەدات، لەو سنورەدا كە بۆیان دادەنێت، بۆ ئەو كەسە شەفاعەت بكەن كە تەنها خوا پەرست (مُوحِّد) بووەو، هاوبەشی بۆ خوا پەیدا نەكردووەو، هاواری نەكردۆتە غەیری خوا.

جا بێ ئەوەی ئێمەش داوایان لێ بكەین شەفاعەتمان بۆ بكەن، خوا ڕێگای شەفاعەت كردنی پێ داون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەرامیشی كردووە كە ئێمە لە دونیا داوای شەفاعەت كردنیان لێ بكەین و هاواریان بكەینێ دوای مردنیان.

* چونكە هاواركردنە غەیری خوا شیركە، وە داوای شەفاعەت لە مردوو ناكرێت، وە شەفاعەت هەمووی موڵكی خوایەو، داوا لە خاوەن موڵك دەكرێت كە پەروەردگارە، وە تاوەكو خۆی ڕێگا نەدات، كەس ناتوانێت شەفاعەت بكات و، بۆ كەسیش ناكرێت. وە داواكردنی ئێمە لە شەفاعەت كاران هیچ سودێكی نیە، بەڵكو زیانیشی هەیە. چونكە بەفەرمانی خواو ویست و ئیرادەی خوا شەفاعەت كاران شەفاعەت دەكەن، نەك بەداواو هاواری ئێمە، وە لە خۆمانەوە بۆمان نیە پێغەمبەر ﷺ و چەند پیاو چاكێك دابنێین بە شەفاعەت كاری خۆمان و لەگەڵ خوا هاواریان بكەینێ و داوای شەفاعەتیان لێ بكەین، چونكە ئەوان خاوەنی شەفاعەت نین و، ئێمەش لە خۆمانەوە نازانین ئایا ڕێگایان پێ دەدرێت شەفاعەت بۆ ئێمە بكەن یان نا. وە هەر كەسێك لەخۆیەوە شەفاعەتكار دابنێت بۆ خۆیی و داوای شەفاعەتیان لێ بكات، ئەوە وەك موشریكەكانی كردووەو شەریكی بۆ خوا داناوەو سزاكەیشی ئەوەیە بێبەش دەكرێت لەشەفاعەتی شەفاعەت كاران و كەس نابێت شەفاعەتی بۆ بكات.

---

[1] الشفاعة: لغةً الدعاء.قال في لسان العرب: (الشفاعة كلام الشفيع للملك في حاجة يسألها لغيره، والشافع الطالب لغيره يُتشفع به الى المطلوب، يقال تشفعت بفلان الى فلان فشفعني فيه).

* وە ڕاستە لە ڕۆژی کۆبونەوەی خەڵك لە مەحشەر، خەڵکی دەچن بۆلای پێغەمبەران ـ علیهم الصلاة والسلام ـ بەگشتی پێغەمبەری خۆشمان ﷺ بە تایبەتی، وە داوایان لێ دەکەن شەفاعەت بکەن لای خوا بۆ ئەهلی مەحشەر، بەڵام ئەو تایبەتە بە ڕۆژی قیامەت کاتێك کە پێغەمبەران ـ علیهم الصلاة والسلام ـ زیندوو وحازرو ئامادەن لای خۆیان.

وە گشت ئەو حەدیسانەی کە باسی ئەو دای شەفاعەتەمان بۆ دەکەن، هەموویان تایبەتیان کردووە بە ڕۆژی دواییەوە، وە لە هیچ حەدیسێکی زەعیفیشدا نەهاتووە کە بڵێت ئەوە لە دوای مردنی دەبێت کاتێك کە لەناو گۆڕە !.

* وە هەروەها لە کتێبەکانی عەقیدەی ئیسلامی بە درێژی باس لە هەموو جۆرەکانی شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ کراوە، وە لە هیچ کامێکیاندا باسی ئەوە نەکراوە کە جۆرێك لە شەفاعەتەکانی ﷺ دوای دوای مردنی بێت لە ناو گۆڕدا !.

* کەواتە داوای شەفاعەت کردن لە مردووانی ناو گۆڕ ـ جا پێغەمبەر ﷺ بێت، یان پیاوچاکان ـ ئەوە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییەو داهێنراوو بیدعەیەکی شیرکییە.

* وە لەبەر ئەوە نابینین هیچ کام لە هاوەڵانی ﷺ دوای مردنی ڕۆیشتبنە سەر گۆڕەکەی و داوای شەفاعەت کردنیان لێکردبێت. بە ڵکو دەچون داوایان لە زیندووەکانیان دەکرد، وەك لە ساڵی وشکانی و بێ ئاویەکە داوایان لە عباس رضي الله عنه کرد دوعایان بۆ بکات.

وە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە شەفاعەت، ئەوە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت باسی لێوە دەکەین بۆئەوەی نەفام و تێنەگەیشتوان گومانی خراپ بەئەهلی سوننەت نەبەن و، پڕوپاگەندە نەکەن کە گوایە باوەڕیان بە شەفاعەت نیە!!؛ چونکە لە هەموو کەس زیاتر باوەڕمان بە شەفاعەت هەیەو دڵیشمان خۆشە کە بەر شەفاعەت دەکەوین إن شاء الله؛ چونکە تەنها داوا لە خوا دەکەین کە هەر ئەو خاوەنی شەفاعەتەو، هەمووی موڵکی خۆیەتی:

﴿قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ الزمر : ٤٤.

جۆرەکانی شەفاعەت

ئەگەر وردببینەوە لە ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان دەبینین دوو جۆر شەفاعەت باسکراوە لەقورئاندا.

جۆری یەکەم: ﴿ الشفاعة الشركية ﴾

ئەو شەفاعەتەی کە داواکردنی شیرکە: ئەم جۆرەیان ئەوەیە کە داوا بکرێت لە غەیری خواو هاوار بکرێتە پیاوچاکان و فریشتەو جنۆکەو قەبر، بۆ ئەوەی شەفاعەت بکەن لای خوا بۆ هاوارکەر واتە: بەبێ ئیزن و فەرمانی خوا، واسیتەو شەفاعەتکار دابنرێت بۆ ئەوەی شەفاعەت بکەن لای خواو شەفاعەت دانەریش سەربڕین و ماڵ بەخشین و هاوارکردن و بەگەورەدانان بکات بۆ ئەم واسیتەو شەفاعەتکارانە، وە دڵی ببەستێتەوە بە ئەوان

و ئیعتیقادی پێیان بێت کە سوودی بۆ دابین بکەن و زەرەری لەسەر لابدەن بەهۆی شەفاعەت کردنیانەوە لای خوا، وە شەفیعەکانی خۆش بوێت لەگەڵ لێ ترسان و بە گەورەدانانیان و پشت پێ بەستنیان !!.

ئەم جۆرەش خوای گەورە بە شیرکی داناوەو کوفرەو دینی موشریکەکانی کۆنەو لە جیاتی سوود گەیاندن زەرەر دەگەیەنێت و، لە جیاتی نزیك کردنەوە لە خوا، دوورت دەخاتەوە لێی.

وە پەروەردگار لەچەندان ئایەتدا ئەم شەفاعەتە شیرکیەی باس کردووە بۆ نمونە:

بەڵگەی یەکەم: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللَّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (يونس : ١٨) .

واتە: هاوبەشی پەیداکەران جگە لە خوا شتی تر دەپەرستن و لێی دەترسن و دڵیان پێیان خۆشەو ئەمەلی خێریان پێیەتی و داوای سوودو قازانجی لێ دەکەن کە لەڕاستیدا هەر شتێك دەپەرستن جگە لەخوا نە دەتوانێت زەرەریان لێ بدات ـ تاوەکو لێی بترسن ـ وەنە سوودیان پێ دەگەیەنێت ـ تاوەکو ئیعتیقادیان پێ بێت و رەجاو داوای لێ بکەن ـ وە هاوبەشی پەیداکەران دەڵێن: ئێمە ئەم هاوار بۆ کراوانە ناپەرستین سەربەخۆ واتە باوەڕمان نیە کە دروستکەرو رزق دەری ئێمە بن یان بتوانن خۆیان سوودمان بۆ بهێنن و زیانمان لەسەر لابدەن؛ بەڵام ئێمە لەبەر ئەوە ئیعتیقادمان پێیانەو هاواریان دەکەینێ بۆ ئەوەی شەفاعەتمان بۆ بکەن لای خوا، چونکە ئەمانە شەفاعەتکارمانن لای پەروەردگاری تاك و تەنها !!.

پەروەردگاریش قەبوڵی نیە بەو شێوەیەو لەم رێگایەوە خەڵکی داوای شەفاعەت لەخوا بکەن و رێی ئەمەی پێ نەداون، بۆیە ئینکاری کرد لەو کارەیان و بە شیرکی داناو بەپێغەمبەری فەرموو: پێیان بڵێ: ئەوە رێگایەکیان داناوە بۆ لەخوا نزیك بوونەوە کە خوا ئاگای لێ نیە ؟!

واتە ئێوە رێگا بۆ خوا دادەنێن و شتێکی فێر دەکەن کە خۆی نەیزانێت ؟!. چۆن دەبێت ئەو رێگایەی ئێوە راست بێت و خواش پێی نەوتوون ؟! نەخێر ئەم کارەیان کە شەفاعەتکار دانانە لای خوا شیرکەو پەروەردگاریش پاك و بەرزە لەم شیرکە[1].

---

(1) رازی سەبارەت بەم جۆرە شەفاعەتە فەرموویەتی:

((اختلفوا في أنهم كيف قالوا في الأصنام إنهم شفعاؤُنا عند الله !...)) فذكر صوراً، منها قوله:

((ورابعها: أنهم وضعوا هذه الأصنام والأوثان على صور أنبيائهم وأكابرهم، وزعموا أنهم متى اشتغلوا بعبادة هذه التماثيل فإن أولئك الأكابر تكون شفعاء لهم عند الله تعالى.

ونظيره في هذا الزمان: اشتغال كثير من الخلق بتعظيم قبور الأكابر، على اعتقادهم أنهم إذا عظَّموا قبورهم فإنهم يكونون لهم شفعاء عند الله)). ((تفسير الفخر الرازي)):(١٧/٥٩-٦٠).

بەڵگەی دووەم: ﴿أَمِ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ شُفَعَاءَ قُلْ أَوَلَوْ كَانُوا لَا يَمْلِكُونَ شَيْئًا وَلَا يَعْقِلُونَ، قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ (الزمر : ٤٣ ــ ٤٤) .

واتە: ئایا ئەو موشریكانە، پەرستراوەكانی خۆیان داناوە بە شەفاعەتكاریان و، وادەزانن كە هاواریان كردنێ و پشتیان پێ بەستن و ئیعتیقادیان پێیان بوو و داوایان لێ كردن، وادەزانن بەوە شەفاعەتیان بۆ دەكەن. وە ئایا وا گومان دەبەن كە شەفاعەت موڵكی مەعبودەكانیانە؟ وە ئەگەر داوایان لێ كردن ئەوانیش شەفاعەتیان بۆ دەكەن؟!.

ئەی محمد ﷺ بەو موشریكانە ـ بفەرموو: ئایا ئێوە هەر بە شەفاعەتكاری خۆتانیان دادەنێن، هەرچەندە هیچیشیان بەدەست نەبێت و، خاوەنی شەفاعەتیش نەبن و ئاگاشیان لە هاوارو داواكاری ئێوەش نەبێت ؟!.

ئەی محمد بفەرموو: شەفاعەت هەمووی موڵكی خوایەو ئەوانەی ئێوە داوای شەفاعەتیان لێ دەكەن خاوەنی شەفاعەت نین، كەواتە دەبێت داوای شەفاعەت تەنها لەوخوایە بكرێت كە خاوەنیەتی، نەك لەوانەی هیچیان بەدەست نیەو، خاوەنی هیچ سوودو زیان و موڵكێك نین. بەڵام پەروەردگار خاوەنی شەفاعەتەو خاوەنی موڵكی هەموو ئاسمانەكان و زەویشە، وە لەپاشانیش تەنها هەر بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە[1].

بەڵگەی سێیەم: وە لە ئایەتێكی تردا پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ويوم تقوم الساعة يُبلس المجرمونَ، ولم يكنْ لهم من شركائهم شفعاءُ وكانوا بشركائهم كافرين﴾ الروم(١٢،١٣).

واتە: لەو ڕۆژەدا كە كاتی زیندوو بونەوەیە تاوانبارەكان بێ ئومێد دەبن لە ڕزگار بوونیان لە سزا وە سەرسام دەمێنن و هیچ پەناو دەروازەیەكیان دەست ناكەوێت و بەڵگەیان نامێنێت.

وە لەو ڕۆژەدا ئەو مەعبودانەی كە لە دونیا دەیان پەرستن و هاواریان دەكردنێ و ئومێدی شەفاعەت كردنیان پێیان بوو ـ بۆیە جۆرەها پەرستنیان بۆ دەكردن و كردبوویانن بە شەریك بۆ خوا لەپەرستن و پشت پێ بەستندا ـ لەو ڕۆژەدا شەفاعەتیان بۆ ناكەن و نابن بە شەفاعەتكاریان بەڵكو بە پێچەوانەوە دەبن بە دوژمنیان و بەرائەتی

---

(1) وقال الفخر الرازي في ((تفسيره)):(٢٦/٢٨٥).: ((إعلم أن الكفار أوردوا على هذا الكلام سُؤالاً. فقالوا: نحن لانعبد هذه الأصنام لاعتقاد أنها آلهة تضر وتنفع. وإنما نعبدها لأجل أن يصير أولئك الأكابر شفعاء لنا عند الله.

فأجاب الله تعالى بأن قال: [أم اتخذوا من دون الله شفعاء قل أو لو كانوا لا يملكون شيئاً ولا يعقلون].

وتقرير الجواب: أن هؤلاء الكفار إما أن يطمعوا بتلك الشفاعة من هذه الأصنام، أو من أُولئك العلماء والزهاد الذين جُعِلَت هذه الأصنام تماثيل لها.

والأول باطلٌ؛ لأن هذه الجمادات وهي الأصنام لاتملك شيئا ولا تعقل شيئا، فكيف يُعقل صدور الشفاعة عنها؟!.

والثاني باطلٌ؛ لأن في يوم القيامة لا يملك أحد شيئا، ولا يقدر أحد على الشفاعة إلاّ بإذن الله. فيكون الشفيع في الحقيقة هو الله، الذي يأذن في تلك الشفاعة. فكان الاشتغال بعبادته أولى من الاشتغال بعبادة غيره)).

خۆیان دەردەبڕن لەو هاوبەشی پەیداکەرانەی کە لە دونیادا هاواریـان دەکردنـێ و کردبوویـانن بـە شـەفاعەتکار وشەریکی خوا؛ چونکە شەفاعەت موڵکی خوایەو نابێت بکرێتە موڵکی غەیری ئەو.

وە کە هاوبەشی پەیداکەران بێ ئومێد بوون لە مەعبودەکانیان و بینیـان بەرائـەتیان لێ دەکـەن ئـەو کاتـە ئەوانیش بەرائەت لە مەعبودەکانیان دەکەن و دەڵێن: ئێمە لە دونیا ئێوەمان دەپەرست و پشتمان پێ دەبەستن بۆ ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی شەفاعەتمان بۆ بکەن، نەك بەرائەتمان لێ بکەن !.

کەواتە بەم ئایەتە قورئانیانە ڕوون بۆوە کە شەفاعەت تەنها مـوڵکی پـەروەردگارەو، تـەنها دەبێـت لـەو داوا بکرێت، وە هەر کەسێك ئیعتیقادی وابێت یەکێکی تر غەیری خوا شەفاعەتی بەدەسـتەو داوای شـەفاعەت لـەو بکات بۆ ئەوەی شەفاعەتی بۆ بکات لای خوا بێ ئیزنی خوا ئەوا شەریکی بۆ خوا داناوە لەچەند لایەنێکەوە:

١ـ لەو ڕوانگەوە کە شەفاعەت تەنها موڵکی خوایەو بە حەقی یەکێکی تری دەزانێت جگە لە خوا. واتـە وا دەزانێت کە شەفاعەتکارەکانی شەفاعەت کردنیان بە دەستەو بێ ڕووخسـەتی خـواش شـەفاعەتی خۆیـان هـەر دەکەن لای خوا.

٢ـ لە ڕوانگەی داوا کردنی شەفاعەت لە غەیری خوا؛ چونکە داواکردن و هاوار کردنە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکانی غاییب، یان مردوو شیرکەو نابێت هاوار بکرێتە غەیری خواو داوا لە غەیری ئەو بکرێت.

٣ـ لە ڕوانگەی تەشبیە کردنی پەروەردگار بە پادشاو کار بەدەستانی دروست کراو واتە چۆن شـەفاعەتکاران شەفاعەتی خۆیان دەکەن لای کاربەدەستان بێ ئەوەی کار بەدەستەکە پێشی خۆش بێت، وە بێ ڕۆخسەتی ئەوانیش شەفاعەتی خۆیان هەر دەکەن و کار بەدەستانیش ناچارن وەڵامیان بدەنەوەو تکایان بگرنەوە، جا لە خۆشـی بێـت یان لە ناخۆشی ! چونکە زۆربەی کات وایە کە شەفاعەتکاران مافێکیان هەیـە بەسـەر کاربەدەسـتەوە چـونکە شەفاعەتکاران:

أ ـ یان ئەوانیش کار بەدەستن و خاوەن موڵکن لەلایەکی ترەوە.

ب ـ وەیان لەگەڵ خودی ئەم کاربەدەستە شەریکن لە موڵکایەتی.

ج ـ وەیان شەریکی نین لە موڵکدا بەڵام جێگرو یاریدەدەرینی.

بۆیە کاربەدەست ناتوانێت شەفاعەتیان نەگرێتەوە، چونکە جاری وا هەیە خۆی ئیشـی بـەو شـەفاعەتکارانە دەبێت و ئەگەر ئیشیان نەکات ئەوانیش لێی هەڵدەگەڕێنەوەو لـەوانـەیـە زەرەری پێ بگەیەنن،وە جاری وا هەیە مەترسی هەیە لێیان، بۆیە ناچارە ڕەتیان نەکاتەوە، وە جاری واش هەیە چاکەو منەتی شەفاعەتکاری زۆر لەسەرە بۆیە بە پێویستی دەزانێت پاداشتی بداتەوەو تکایەکەی گیرا بکات.

وە لە بنەڕەتدا شەفاعەت بۆیە دەکرێت کە کار بەدەست و حاکم واز لـە حوکمـە دادپەروەریەکـە بهێنێـت و، حوکمەکە بەسەر شەفاعەت بۆ کراو تەتبیق نەکات لەبەر خاتری شەفاعەتکار.

کەواتە شەفاعەتکار دەتوانێت ڕاو حوکمی حاکم بگۆڕێت، چونکە مافی بەسەر حاکمەوە هەیە.

بەڵام پەروەردگار زۆر لەوە بەرزترە کە تەشبیه بکرێت بە حاکمێکی دروست کراو (مخلوق). وە خوای گەورە کەس ناتوانێت حوکمی پێ بگۆڕێت و کاریگەری تێ بکات، وە لەکەسیش ناترسێت و منەتی کەسیشی بەسەرەوە نیەو ئیشیشی بەکەس نیە وە هیچ کەسێکیش نیە خاوەنی هیچ بێت لە بوونەوەرداو کێشی مێرولەیەکی بچوك موڵکی هەبێت سەربەخۆ، یان شەریکی خوا بێت لە موڵکایەتیدا یان یاریدەدەری بێت. وەلەوەش زیاتر کەس ناتوانێت شەفاعەتیشی لابکات بێ ئیزنی خوا.

بەڵگەی چوارەم:

[وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَى كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُمْ مَا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَى مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ لَقَدْ تَقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنْكُمْ مَا كُنْتُمْ تَزْعُمُونَ] (الأنعام:٩٤).

واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا پەروەردگار بە هاوبەشی پەیداکەران دەفەرموێت : سوێند بەخوا، بێگومان ئێوە بە تاك تاك گەڕانەوە لای ئێمە، هەروەکو یەکەمجار دروستمان کردن، وە هەرچی پێمان بەخشیبوون و لەبەردەستتان دابوو بەجێتان هێشت دوای خۆتان، وە ناشبینین لەگەڵتان شەفاعەتکارەکانتان؛ ئەو فریشتەو جنۆکەو پێغەمبەرو پیاوچاکانەی ئیعتیقادتان پێیان بوو، وە وا گومانتان دەبرد تکاتان بۆ بکەن و فریاتان بکەون کاتێ لەگەڵ خوا هاوارتان دەکردنێ و کردبوتانن بە شەریکی خوا لە ئیعتیماد خستنە سەرو هانا بۆ بردن و داوالێکردن !. سوێند بە خوا هەرچی پەیوەندیەك هەبوو لە نێوانتاندا پچڕا، وە هەرچی ئومێدێکتان پێیان بوو ون بوو و پێچەوانەش بۆوە.

دوای باس کردنی بەڵگەکانی قورئان، لەوانەیە کەسانێکی بێ بەش لە قورئان بڵێن: ئێمە لە قورئان ناگەین، لەبەر ئەوە ئیشی پێ ناکەین !، بەڵکو تەنها لەسەر قسەی زانایان دەڕۆین!. لەبەر ئەوە با بزانن کە زانایانی ئیسلام ئەم جۆرە شەفاعەتە شیركیەیان بۆ ڕوون کردووینەوە بە گوێرەی قورئان بەم شێوەیەی خوارەوە:

(١) وقال ابن جرير الطبري المفَسّر الشافعي ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ:

(قد تبيّن ممّا تقدّم من الآيات أنّ الشفاعة التي نفاها القرآن هي التي تُطْلَبُ من غير الله) (تفسير الطبري. سورة البقرة: ٢٥٥).

(٢) **زانای هەموو زانستە ئیسلامیەکان** (شيخ الإسلام) أحمد بن تيمية ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ **لە کتابی** (مجموع الفتاوى) **کە** (٣٧) **بەرگە فەرموویەتی:**

(الشفاعة التي نفاها الله تعالى كالتي أثبتها المشركون، ومن ضاهاهم من جُهّالِ هذه الأمة، وضلالهم؛ وهي شركٌ).

[والمشركون: يتّخذون شفعاء من جنس ما يعهدونه من الشفاعة]

[فالمشركون: كانوا يتّخذون من دون الله شفعاء من الملائكةِ والأنبياءِ والصالحين، ويصورن تماثيلهم فيستشفعون بها ويقولون: هولاءِ خواصُ الله، فنحن نتوسّلُ إلى الله بدعائهم وعبادتهم ليشفعوا لنا، كما يتوسّلُ إلى المُلوك بخواصهم لكونهم أقرب إلى الملوكِ من غيرهم، فيشفعون عند الملوك بغير إذن الملوك، وقد يشفع أحدهُم عند الملك فيما لا يختارهُ فيحتاجُ إلى إجابة شفاعته رغبةً ورهبةً. فأنكر الله هذه الشفاعة:

١- فقال تعالى: ﴿مَن ذَا الذي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إلاَّ بإذْنه﴾ .

٢- وقال: ﴿وكَم مِّن مَّلَكٍ في السَّمَاوَاتِ لَا تغني شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا من بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَى﴾ .

٣- وقال عن الملائكة: ﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ، لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ، يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ﴾ (سورة الأنبياء) .

٤- وقال : ﴿قُلِ ادْعُوا الذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِ اللهِ لَا يَمْلِكُونَ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ وَمَا لَهُمْ فِيهِمَا مِن شِرْكٍ وَمَا لَهُ مِنْهُم مِّن ظَهِيرٍ، وَلَا تَنفَعُ الشَّفَاعَةُ عِندَهُ إِلَّا لِمَنْ أَذِنَ لَهُ﴾ (سورة سبأ : ٢٢ ــ ٢٣) .

٥-وقال تعالى: ﴿وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَـؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللّهَ بِمَا لاَ يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلاَ فِي الأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ (سورة يونس : (١٨)) .

٦- وقال تعالى: ﴿وَأَنذِرْ بِهِ الذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُواْ إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِ وَلِيٌّ وَلاَ شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ﴾ (سورة الأنعام : (٥١)) .

٧- وقال تعالى: ﴿ اللهُ الذي خلقَ السماوات والأرضَ وما بينهما في ستّةِ أيامٍ ثمّ استوى على العرش ما لكم من دونه من وليٍ ولا شفيعٍ أفلا تتذكّرون ﴾.

٨-وقال تعالى:﴿ لا يملكُ الذين يدعون من دونه الشفاعة إلا مَنْ شهد بالحقّ وهم يعلمون ﴾.

٩- وقال تعالى: ﴿ ولقد جئتمونا فُرادى كما خلقناكم أوّل مرّة وتركْتُم ما خوّلناكم وراءَ ظهوركم، وما نرى معكم شفعاءكم الذين زعمتم أنّهم فيكم شركاء، لقد تقطع بينكم وضلّ عنكم ما كنتم تزعمون ﴾.

١٠- وقال تعالى: ﴿ أم اتخذوا من دون الله شفعاء قل أولوا كانوا لايملكون شيئاً ولا يعقلون قل لله الشفاعة جميعاً لهُ ملكُ السماوات والأرض ثم إليه ترجعون... ﴾.

١١- وقال تعالى: ﴿ وخشعَتِ الأصواتُ للرحمنِ فلا تسمعُ إلاّ همساً، يومئذ لا تنفعُ الشفاعةُ إلاّ مَنْ أذنَ لهُ الرحمن ورضيَ لهُ قولاً ﴾.

١٢- وقال صاحب يس: ﴿ ومالي لا أعبدُ الذي فطرني وإليه ترجعون ؟ أأتّخذُ من دونه آلهةً إن يردنِ الرحمن بضُرٍّ لا تُغنِ عنّي شفاعتُهم شيئاً ولا يُنقذون ؟ إنّي إذن لفي ضلالٍ مبين، إنّي آمنتُ بربّكم فاسمعون ﴾.

فهذه الشفاعة التي أثبتها المشركون للملائكة والأنبياء والصالحين حتى صوّروا تماثيلهم وقــالوا: استشــفاعُنا بتماثيلهم استشفاعٌ بــهم، وكذلك قصدوا قبورهم وقالوا: نحن نستشفعُ بهم بعد مماتهم ليشــفعوا لنــا إلى الله، وصوروا تماثيلهم فعبدوهم كذلك، وهذه الشفاعة أبطلها اللهُ ورسولهُ، وذمّ المشركين عليها وكفّرهم بها)[١]

((الشفاعة المنفيّة هي الشفاعة المعروفة عند الناسِ عند الإطلاق. وهي: أن يشفع الشفيعُ الى غيره ابتــداء فيقبــل شفاعته))[٢] .

وە ڕوونی كردۆتەوە كە مەبەست لەم ئایەتانەی كە نەفی شەفاعەت دەكەن چیيە: فەرمووی:

((أنّه يرادُ بذلك نفي الشفاعة التي يثبتها أهل الشرك، ومَنْ شابهَهُم من أهل البدعِ: من أهل الكتاب والمســلمين الذين يظنّون أنّ للخلقِ عند الله من القدر أن يشفعوا عنده بغير إذنه، كما يشفعُ الناسُ بعضهم عند بعــض فيقبــل المشفوعُ إليه شفاعة شافعٍ لحاجته إليه رغبةً ورهبة،وكما يُعاملُ المخلوقُ المخلوقَ بالمعاوضة))[٣].

((والشفعاءُ الذين يشفعون عنده لا يشفعون إلاّ بإذنه كما قال: ﴿ قُلِ ادعوا الذين زعمتم من دون الله لا يملكــون مثقال ذرةٍ في السماواتِ ولا في الأرضِ وما له فيهما من شركٍ وماله منهم من ظهير. ولا تنفعُ الشفاعةُ عندهُ إلاّ لِمَنْ أذِنَ له ﴾.

فبيَّنَ أنّ كل مَنْ دُعي من دونه: ليس له ملك ولا شرك في الملك ولا هو ظهير. وأنّ شفاعتهم لا تنفعُ إلاّ لِمَنْ أذن له.

وهذه بخلاف الملوك: فإنّ الشافع عندهم قد يكون له ملك، وقد يكون شريكاً لهم في الملك، وقد يكون مظاهراً لهم معاوناً على ملكهم، وهولاءِ يشفعون عند الملوكِ بغير إذنِ الملوكِ هم وغيرهم.

والمَلِكُ يقبلُ شفاعتهم: تارةً بحاجتهِ إليهم، وتارةً لخوفه منهم، وتارةً لجزاءِ إحسانهم إليه ومُكافئتــهم ولإنعــامهم عليه؛ حتى أنّه يقبل شفاعة ولده و زوجته، لذلك فإنّه محتاجٌ إلى الزوجة وإلى الولد؛ حتى لَوْ أعرضَ عنهُ ولدهُ وزوجتهُ لتضرر بذلك، ويقبل شفاعةَ مَملوكه؛ فإذا لم يقبل شفاعته؛ يخافُ أن لا يطيعهُ، أو أن يسعى في ضرره، وشفاعةُ العبادِ بعضهم عند بعضٍ: كلُّها من هذا الجنس. فلا يقبلُ أحد شفاعة أحد إلاّ لرغبةٍ أو رهبة. والله تعالى: لا يرجو أحداً، ولا يخافُه، ولا يحتاج إلى أحدٍ بل هو الغني).

(٣) **وە زانای بەناوبانگ** محمد رشيد رضــا المفسِّــر **ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ، لەتەفسیرەكەیدا** (تفســير المنــار) **فەرموویەتی:**

(1) (مجموع الفتاوى ١ / ١٥٠ ــ ١٥١) .
(2) مجموع الفتاوى (١ / ١١٨).
(3) (١ / ١٤٩ - ١٥٠).

((الشفاعة المعروفة عند الناس هي أن يحمل الشافعُ المشفوعَ عنده على فعلٍ أو تركٍ كان أراد غيره ـ حكمَ به أم لا ـ فلا تتحقق الشفاعة إلاّ بترك الإرادة و فسخها لأجل الشفيع. فأمّا الحاكم العادل فإنّه لا يقبل الشفاعة إلاّ إذا تغيّر علمه. بما كان أراده أو حكمَ به، كأن كان أخطأ ثمّ عرفَ الصواب ورأى أنّ المصلحة أو العدالة في خلاف ما كان يريدهُ أو حكمَ به. وأمّا الحاكم المستبد الظالم فإنّه يقبلُ شفاعة المقربين عنده في الشيء، وهو عالمٌ بأنّه ظالمٌ وأنّ العدلَ في خلافه، ولكنّه يفضِّلُ مصلحة ارتباطه بالشافع المقرب منه على العدالة. وكلٌّ من النوعين محالٌ على الله تعالى، لأنّ إرادتَهُ تعالى على حسب علمه وعلمه أزليٌّ لا يتغيّر)).

((كان اليهود المخاطبون ببيان هذه الحقيقة كغيرهم من أمم الجاهلية وأهل الملل الوثنيّة كقدماء المصريّين واليونان يقيسون أمور الآخرة على أمور الدنيا فيتوهّمون أنّه يمكنُ تخلص المجرمين من العقاب بفداءٍ يدفع بدلاً وجزاء عنه ـــ كما يستبدل بعض حكامهم منفعة مالية بعقوبة بدنية ـــ أو بشفاعة من بعض المقربين إلى الحاكم يُغيّر بها رأيهُ ويفسَخُ إزادته. ولقد اكتسح الإسلام هذه العقائد وآثارها العمليّة بالتوحيد الخالص، وأتى بُنيانها من القواعد، ولكن المسلمين لم يَسلموا منها فقد دخل في الإسلام أقوامٌ يحملون أوزاراً ممّا كانوا عليه من الوثنيّة، ولم يلقنوا الدين من القرآن ولا كما أرشد القرآن، ولكنّهم تقلّدوه ممّن لا يعرفهُ حقَّ المعرفة، ولقنوه كما ترشد إليه كُتب التقليد من مصطلحات مبتدعة، فكانوا على بقيّة ممّا كان عندهم وعلى جهل بالاسلام، وجاء قومٌ آخرون تعمدوا الإفساد فجعلوا بالتأويل الباطلَ حقّاً والكذبَ صدقاً))[1].

(٤) **زانای بەناوبانگ** ابن كثير المفسّر الشافعي ـ **ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێت:**

﴿وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَىٰ﴾...

فإذا كان هذا في حقِّ الملائكة المقربين، فكيف ترجون أيها الجاهلون شفاعة هذه الأنداد عند الله؛ وهو لم يشرع عبادتها ولا أذن فيها، بل قد نهى عنها على ألسنة جميع رُسُله؛ وأنزل بالنهي عن ذلك جميع كتبه).

(٥) **وە زانای پایە بەرز** إبن قيم الجوزية ـ **ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ فەرموویەتی:**

ومنْ أنواعه ـ أي الشرك ـ طلب الحوائج من الموتى والإستغاثةُ بهم، وهذا أصلُ شرك العالم. فإنَّ الميت انقطع عملهُ وهو لايملك لنفسه نفعاً ولا ضرّاً، فضلاً عمَّنْ استغاثَ به وسأله أن يشفعَ له إلى الله. وهذا من جهله بالشافع والمشفوعِ عنده. فإنَّه لايقدرُ أنْ يشفع له عند الله إلاّ بإذنه **والله لم يجعلْ استغاثته وسؤاله سبباً لإذنه؛ وإنَّما السبب كمال التوحيد، فجاء هذا المشرك بسبب يمنع الإذنَ، وهو بمنزلة مَنْ استعان في حاجته بما يمنع حصولَها.** وهذه حالةُ كُلِّ مشركٍ، فجمعوا بين الشرك بالمعبود وتغيير دينه، ومعاداة أهل التوحيد، ونسبة أهله إلى التنقص بالأموات، وهم قد تنقصوا الخالق بالشرك، وأولياءهُ الموحدين بذمهم وعيبهم ومعاداتهم، وتنقصوا مَنْ أشركوا به غاية التنقص؛ إذ ظَنُّوا أنّهم راضون منْهم بهذا، وأنَّهم أمروهم به، وأنَّهم يوالونهم عليه، وهولاء هم أعداءُ الرُسُل في كُلِّ زمانٍ ومكان،

(1) تفسير المنار (١ / ٣٠٦).

وما أكثر المستجيبين لهم؛ وما نجى من شَرَكَ هذا الشرك الأكبر إلاّ مَنْ جَرَّد توحيده لله وعـادى المشـركين في الله، وتقرَّبَ بمقتهم إلى الله، واتَّخذَ الله وحده وَلِيَّهُ وإلهُهُ ومعبُودَهُ، فجرَّدَ حُبَّهُ لله وخوفهُ لله، ورجـاءه لله، وذُلَّـه لله، وتوكُّلهُ على الله، واستعانتهُ بالله، والتجاءه إلى الله، واستغاثتهُ بالله، وقصدهُ لله، متَّبعاً لأمره متطلباً لمرضاته إذا سـأل سأل الله، وإذا استعان استعان بالله، وإذا عمل عمل لله، فهو **لله** و**بالله** و**مع الله**)[١].

جۆری دووەمی شەفاعەت: شەفاعەتی شەرعی

شەفاعەتی شەرعی ئەو جۆرە شەفاعەتەیە کە قورئان و حەدیس ئاماژەیان کردووە بەبوونی لە ڕۆژی قیامەتدا وە مانای ئەم شەفاعەتەش ئەمەیە کە:

(أنّ الله سبحانه هو الذي يتفضَّلُ على أهل الإخلاص فيغفرُ لهم بواسطة دعاء مَنْ أذِنَ له أن يشفع لِيُكرِمَهُ ويَنـال المقامَ المحمودَ)[٢].

واتە: پەروەردگار خۆی ڕێزو چاکەو فەزڵ دەنوێنێ لەسەر ئەهلی ئیخلاص و تەنها خوا پەرستدا، بەوەی کە لێیان دەبورێت بەهۆی دوعاو تکای ئەو تکاکارەی کە خۆی ڕوخسەتی داوە تکا بکات بۆ ئەوەی ڕێز بنێت لە تکاکارو بیگەیەنێت بە پلەی سوپاس کراو بەهۆی تکاکردنەکەی.

(أنَّ الشفاعة المثبتة التي تقع بإذنه إنَّما هي الشفاعة لأهلِ الإخلاص خاصَّة وأنَّها كُلَّها منْه، (رحمةً منْـه وكرامـةً للشافع)، و(رحمةً منْه وعفواً عنْ المشفوع له)، وأنَّه هو المحمود عليها في الحقيقة، وهو الذي أذِنَ لمحمد ﷺ فيها وأناله المقام المحمود)[٣].

واتە: ئەو شەفاعەتەی کە هەیە ئەوەیە کە بەڕوخسەتی خوا دەبێت وە بریتییە لەو شەفاعەتەی کە تـەنها بـۆ ئەهلی ئیخلاص (تەنها خوا پەرستان) دەکرێت بەتایبەتی. وە ئەو شەفاعەت کردنەش هەمووی هەر لە خواوەیەو مەبەستیش لەو ڕوخسەت دانی تکاکردنە: ڕێزلێنان و ڕەحم کردنە بە تکاکار ﴿ نەك ترسـان لـە تکاکـار یـاخود ئیش پێ بوونی یاخود ناچاری بێت ﴾.

وەهەروەها ئەم ڕوخسەت دانی شەفاعەت کردنەش ڕەحمی خوایە بۆ شـەفاعەت بـۆکراوو عـەفوو کردنیـەتی. کەواتە پەروەردگار هەر تەنها خۆی سوپاس کراوە لەسەر ئەم ڕوخسەت دانی تکاکردنـە، وەهـەر خۆیشـی ئیزنـی پێغەمبەر ﷺ دەدات شەفاعەت بکات بۆ ئەوەی بگات بە پلەی بەرزی سوپاس کراو.[٤].[١].

---

(1) انتهى كلام ابن القيِّم من فتح المجيد ٢١٢ــ ٢١٣.

(2) **وتەی شێخ** الاسلام ابن تيمية، **بڕوانە** (مجموع الفتاوى).

(3) **وتەی زانای** المفسّر (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) القول السديد ص ٦٣.

(4) وە (شيخ الاسلام) **فەرموویەتی**: (فأمّا إذا أذِنَ له في أن يشفعَ فشفع؛ لم يكن مستقلاً بالشفاعة، بل يكون مطيعاً له أي تابعاً لـه في الشفاعة، وتكون شفاعتُه مقبولةً ويكون الأمرُ كُلُّه لأمر المسول...

كەواتە لەڕۆژى قيامەتدا جۆرێك لە شەفاعەت هەيە كە دوو مەرجى تێدا بێت:

١ـ پەروەردگار شەفاعەت كار ئيزن بدات بۆ شەفاعەت كردن؛ چونكە هيچ كەسێك ناتوانێت بەبێ ئيزنى ئەو لە خۆيەوە شەفاعەت بكات وەك لاى سەركردەو كاربەدەستان دەكرێت ! وە خواى پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿مَنْ ذا الذي يشفع عندهُ إلا بإذنه﴾ ٢٥٥ البقرة.

واتە كێيە ئەوەى شەفاعەت دەكات لاى پەروەردگار ئيللا بە ئيزنى خۆى نەبێت؟!.

٢ـ مەرجى دووەمى شەفاعەتى شەرعى ئەوەيە: كە ئەو كەسەى شەفاعەت كار شەفاعەتى بۆ دەكات دواى ئيزنى خوا، كەسێك بێت خوا بيەوێت شەفاعەتى بۆ بكرێت و ڕازيش بێت لە قسەوكردەوەى.

وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ بَلْ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ، لا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وهُمْ بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ، يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ ومَا خَلْفَهُمْ **ولا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى** وهُمْ مِنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ﴾ الأنبياء٢٦-٢٨.

واتە: فريشتەكانى خوا هەرچەندە لە خوا نزيكن، بەلاَم ڕۆڵەو شەريكى خوا نين و خاوەنى هيچ نين لەگەڵ پەروەردگاردا، بەڵكو بەندەى ڕێز لێ گيراون. چونكە پێش پەروەردگاريان ناكەون بەهيچ قسەيەك، وە بەفەرمانى

فإنَّ الشفاعة إذا كانت بإذنه لم تكن من دونه، كما أن الولاية التى بإذنه ليست من دونه كما قال تعالى: ﴿ إنَّما وليُّكم الله ورسوله والذين أمنوا...﴾.

وأيضاً فقد قال: ﴿ أم اتخذوا من دون الله شفعاء أولَوْ كانوا لايملكون شيئاً ولا يعقلون، قل لله الشفاعة جميعاً له ملك السماوات والأرض ﴾. فذمَّ الذين اتَّخذوا من دونه شفعاء وأخبر أنَّ لله الشفاعة جميعاً، **فَعُلِم أنَّ الشفاعةَ منتفيةٌ عن غيره، إذ لايشفع أحد إلا بإذنهِ وتلك فهي له)** (مجموع الفتاوى) ١ /١١٨- ١١٩. (وكلُّ داع شافعٍ دعا الله ـ سبحانه وتعالى ـ وشفع: فلا يكون دعاءهُ وشفاعتهُ إلا بقضاءِ اللهِ وقدره ومشيئته، وهو الذي يجيب الدعاء ويقبلُ الشفاعة، فهو الذي خلق السبب والمسبب، والدعاء من جملة الأسباب التي قدرها الله ـ سبحانه وتعالى ـ.

وإذا كان كذلك: فالالتفات إلى الأسباب شركٌ في التوحيد، ومحو الأسباب أن تكون أسباباً نَقْصٌ في العقل، والاعراضُ عن الأسباب بالكليَّة قدحٌ في الشرع، بل العبد يجب أن يكون توكلهُ ودعاءهُ وسواله ورغبتهُ إلى اللهِ ـ سبحانه وتعالى ـ والله يقدر له من الأسبابِ ـ من دعاء الخلقِ وغيرهم ـ ماشاء) (مجموع الفتاوى) ١/ ١٣١.

(1) **وە شێخ** محمد رشيد رضا **لە تفسير المنار** (٣٠٨ / ١) **فەرموويەتى:**

(وليس في الشفاعة بهذا المعنى ــ أي على أنَّها دعاءٌ يستجيبهُ الله تعالى ــ أنَّ الله سبحانه يرجع عن إرادة كان أرادها لأجل الشافع وإنَّما هي إظهار كرامة للشافع بتنفيذ الإرادة الأزليَّة عقيب دعائه، **وليس فيها أيضاً ما يُقَوي غرور المغرورين الذين يتهاونون بأوامر الدين ونواهيه اعتماداً على شفاعة الشافعين،** بل فيه أنَّ الأمر كُلّه لله، وأنَّه لاينفع أحداً في الآخرة إلا طاعتهُ ورضاهُ [فما تنفعهم شفاعة الشافعين، فمالهم عن التذكرة معرضين؟] [ولا يشفعون إلا لِمَنْ ارتضى]).

ئەو کاردەکەن و لە خۆیانەوە شت داناهێنن و چـاوەڕێی فـەرمانی ئـەون. وە پـەروەردگار ڕابـردوو و داهاتوویـان دەزانێت و، ناتوانن شەفاعەت بکەن تەنها بـۆ ئـەو کەسـە نـەبێت کـە پـەروەردگار خـۆی لێـی ڕازیـیە. وە فریشتەکانیش لە ترسی خوا لەترس و لەرز دان.

کەواتە هەرچەندە شەفاعەت دەکەن بەڵام ناتوانن بەبێ ئیزنی ئەو بیکەن؛ چونکە ﴿ لایسبقونه بالقول ﴾ **پیش خوا ناکەون، وە شەفاعەت کردنەکەشیان هەر بە فەرمانی خوایە؛ چونکە** ﴿ وهم بـأمره يعملـون ﴾ **واتـە بـە فەرمانی خوا کاردەکەن.**

وە شەفاعەتیش تەنها بۆ کەسێك دەکەن کە خوا بیەوێت بۆی بکەن و لێی ڕازی بێت. وە لەگەڵ ئەوەشـدا لـە خوا دەترسن و خۆیان بە خاوەنی هیچ دانانێن لە بەرامبەر خوا.

وە زانای المفسِّر (ابن كثير) **لە پەفسیر ئەم ئایەتە دەفەرموێت:**

(فإذا كان هذا في حقِّ الملائكة المقربين، فكيف ترجون أيها الجاهلون شفاعة هذه الأنداد عندالله؛ وهو لم يشـرع عبادها ولا أذِنَ فيها، بل قد نهى عنها على ألسنة جميع رُسُله؛ وأنزل بالنهي عن ذلك جميعَ كُتُبه ؟.

واتە: جا کە ئەوە حاڵی ئەو فریشتانە بێت کە لە خوا نزیکن و بەندەی خالیسی پەروەردگارن، وە لە عیبادەت و بە پاك ڕاگرتنی خوا هیچی تر ناکەن، ئەدی کە وابوو چۆن ئێوەی نەفام دڵی خۆتان خۆش دەکەن بە شەفاعەتی کەسانێك، کە وەکو فریشتە نەپارێزراون لە هەڵەو تاوان، وە سەرەڕای ئەوەش پەروەردگار مۆڵەتی ئێوەی نەداوە بە داواکردنی شەفاعەت لەو مردوو و پیاوچاکانەو هاوارکردنە ئـەوان و پەرسـتنیان. بـەڵکو بەپێچـەوانەوە نـەهی کردووە لەم جۆرە شەفاعەت دانانە لە هەموو کتێبەکانی و لەسەر زمانی هەموو پێغەمبەرەکانی.

وە لە ئایەتێکی تردا(النجم:٢٦) **هەردوو مەرجەکەی کۆکردۆتەوە دەفەرموێت:**

﴿وَكَمْ مِنْ مَلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِنْ بَعْدِ أَنْ يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَنْ يَشَاءُ وَيَرْضَى﴾

قال الشوكاني (فتح القدير: ١٤٥/٥): والمعنى التوبيخ لهم بما يتمنون ويطمعون فيه من شفاعة الأصنام، مع كـون الملائكة مع كثرة عبادها وكرامتها على الله لا تشفع الا لمن أذن أن يشفع له، فكيف بهذه الجمادات الفاقدة للعقـل والفهم، وهو معنى قوله ﴿ إلا من بعد أن يأذن الله ﴾ لهم بالشفاعة ﴿ لمن يشاء ﴾ أن يشفع له (ويرضى) بالشفاعة له، لكونه من أهل التوحيد، وليس للمشركين في ذلك حظٌّ، ولا يأذن الله بالشفاعة لهم ولا يرضاها، لكونهم ليسوا مـن المستحقين لها.

واتە: چەندین فریشتە لە ئاسمانەکان شەفاعەتیان هیچ سـودی نابێـت، تـەنها دوای ئـەوە نـەبێت کـە: (١) پەروەردگار ئیزنیان بدات شەفاعەت بکەن(٢) بۆ ئەو کەسەی پەروەردگار خۆی بیەوێت بۆی بکرێت و(٣) ڕازیش بێت شەفاعەتی بۆ بکرێت.

وە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت:

﴿ يَوْمَئِذٍ لا تَنْفَعُ الشَّفَاعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ الرَّحْمَنُ ورَضِيَ لَهُ قَوْلاً ﴾ (طه:١٠٩)

واتە: لەو ڕۆژی قیامەتەدا شەفاعەت سودی نابێت تەنها بۆ ئەو كەسە نەبێت پەروەردگار شەفاعەتكاری ئیزن دابێت بۆ شەفاعەتكردن بۆی وە لە وتەكەشی ـ واتە لە شەفاعەتەكەی ـ ڕازی بێت. وە ئەوانەش كە خوا لێیان ڕازییە پێغەمبەران و پیاوچاكانن.

وە لە دوای ئەوەی كەزانیمان كەس شەفاعەتی بۆ ناكرێت تەنها ئەوە نەبێت كە پەروەردگار بیەوێت بۆی بكرێت و لێی ڕازی بێت، ئایا پەروەردگار بۆ كێ ڕازییە[1]؟.

لە وەڵامدا: پەوەردگار لەو كەسە ڕازییە كە دوو مەرجی بەیەكەوە بەستراوی تێدابێت:

١ـ تەنها خوا پەرست و (مخلص) بێت، واتە نیەتی پاك و تاك بێت بۆ خوا.

٢ـ وەهیچ یەكێك و هیچ كەسێك نەكاتە شەریك بۆ خوا لە هیچ جۆرێك لە جۆرەكانی پەرستندا.

بەڵگەی یەكەمی ئەم دوو مەرجەش:

پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ ولا يَمْلِكُ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَنْ شَهِدَ بِالْحَقِّ وهُمْ يَعْلَمُونَ﴾ (الزخرف:٨٦).

تەفسیرەكانی ئەم ئایەتە:

تەفسیری یەكەم: (ولا يملك عيسى وعزيرُ والملائكةُ الشفاعة في أحدٍ (أو لِأحد) إلا فيمن (أو لمن) شهد بالحق(أي بالتوحيد) وآمن على علمٍ وبصيرةٍ بما شَهِدَ به).

واتە عیساو عوزەیرو فریشتەكان، شەفاعەتیان پێ ناكرێت بۆ كەس، تەنها بۆ ئەوانە نەبێت كە شاهیدیان داوە بە تەوحیدو، ئیمانیان هێناوە لەسەر عیلم و زانیاری و تێگەیشتنەوە.

كەواتە شەفاعەت ناكەن بۆ دوو كۆمەڵ:

١ـ ئەوانەی شاهیدی نادەن بە(حەق) واتە بە (لا إله إلا الله) كە كافرو موشریكن.

٢ـ ئەوانەی شاهیدی دەدەن بەدەمیان بە (لا إله إلا الله)، بەڵام نازانن ماناكەی بریتییە لەوەی كە: (هیچ پەرستراوێكی حەق نیەو، تەنها (الله) پەرستراوی حەقەو، پێویستە پەرستن و خۆش ویستن و ترسان و ئیعتیقاد پێ بوون و هاواركردن و داوا لێ كردن و پشت پێ بەستن و سەربڕین و ماڵ بەخشین، بۆ ئەو (الله)یە بكەن بەتەنها، بێ ئەوەی بۆ كەسی تری بكەن).

---

(1) زانای المفسّر (عبدالرحمن بن ناصر السعدی) فەرموی: ((لأُبدَّ من اجتماع الشرطين: إذنه تعالى في الشفاعة، ورضاه عن المشفوع له. ومن المعلوم المتقرر، أنه لايقبل من العمل إلاّ ماكان:(أ) خالصاً لوجه الله، (ب) موافقا فيها صاحبه الشريعة، فالمشركون إذاً لا نصيب لهم من شفاعة الشافعين، وقد سدُّوا على أنفسهم رحمة أرحم الراحمين)).تيسير الكريم الرحمن (النجم:٢٦).

ئەم كۆمەڵى دووەمە، ئەگەر نوێژیش بكەن و ڕۆژوش بگرن و حەجیش بكەن، وە شاهیدیش بدەن بەدەم بە (لا إله إلا الله) **سود لە شاهیدی و عیبادەتەكانیان نابینن، و شەفاعەتیشیان بۆ ناكرێت، چونكە شاهیدی دانەكەیان تەنها بە دەمەو، مانای شاهیدیەكە نازانن و، لە دڵدا ئیعتیقادیان بە ماناكەی دانەمەزراوە**(١)**؛ چونكە ئیعتیقادیان بە غەیری خواش هەیەو، بە ئیعتیقادو كردەوەیان شاهیدی دانەكەیان هەڵوەشاندۆتەوە**(٢)**، هاوار دەكەنە غەیری خواو، سەربڕین بۆ غەیری خوا دەكەن و، داوای بەفریاكەوتن لە غەیری خوا دەكەن و، داوا لە مردوو دەكەن شەفاعەتیان بۆ بكەن، وەك چۆن موشریكەكانی كۆن داوایان لێ دەكردن !!.**

تەفسیری دووەم: (لا يملكُ هولاءِ الذين اعتقدوا أن الملائكة أو الأصنام أو الجن أو الشياطين تشفعُ لهم ـــ لا يملكُ هولاء العابدون من دون الله أن يشفع لهم أحد إلا من شهد بالحق أي لكن من شهد بالحق ـ يعني الموحدين ـــ يملكون شفاعة الملائكة والأنبياء إذا أذن لهم اللهُ عز وجل. فإن من شهد بالحق يُشْفَعُ لهُ ولا يُشَفع لمشرك).

واتە: ئەوانەی كە ئیعتیقادیان هەیە بە فریشتەو پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) **و بت و جنۆكە كەشەفاعەتیان بۆ بكەن، وە هاوار دەكەنە ئەوان و داوای شەفاعەت لەوان دەكەن، ئەوانە چونكە غەیری خوا دەپەرستن شەفاعەتیان بۆ ناكرێت، چونكە تەنها ئەوانە شەفاعەتیان بۆ دەكرێت كە شاهیدیان داوە بەتەنها پەرستراوێتی خوا بەدڵ و گیان و دەشزانن تەنها خوا شایستەی پەرستن و داوا لێ كردنە. بۆیە تەنها ئەو بڕوادارانە ـ دوای ئیزنی خوا ـ بەر شەفاعەتی پێغەمبەران** (عليهم الصلاة والسلام) **و فریشتەكان دەكەون، كەواتە موشریك بەر شەفاعەت ناكەوێت هەرچەندە دڵی خۆی خۆش بكات لەدونیا بەو پێغەمبەرو پیاوچاكانەی كە داوای شەفاعەتیان لێ دەكات لەگۆڕەكانیاندا!!.**

تەفسیری سێهەم: (لا يملك من يدعونه من دون الله من الأصنام والأنبياء والملائكة والأولياء والجن الشفاعة كما يزعمون أنهم يشفعون لهم، إلا من شهد بالحق (بالتوحيد) على علم وبصيرة بما شهدوا به؛ وهم المسيح وعُزير والملائكة، لأنهم شَهدوا بالحق والوحدانية لله على بصيرة، فإنهم يملكون الشفاعة لمن يستحقُّها).

---

(1) ئیمام القرطبي المفسِّر **فەرموویەتی:**

((أنَّ الشهادة بالحق، غير نافعة إلا مع العلم، وأنَّ التقليد لايغني مع عدم العلم بصِّحة المقالة)).

(2) **چونكە:(أ) شیرك عیبادەت هەڵدەوەشێنێتەوە:** [وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ] (الزمر:٦٥). [وَلَوْ أَشْرَكُوا لَحَبِطَ عَنْهُمْ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ](الأنعام: من الآية٨٨)

(ب) وە لەگەڵ نەبونی عەقیدەی (خوا بەتەنها پەرستی) عیبادەت سوودی نابێت:

[وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاءً حَتَّى إِذَا جَاءَهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئاً وَوَجَدَ اللَّهَ عِنْدَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ وَاللَّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ] (النور:٣٩).

[وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُوراً] (الفرقان:٢٣).

[وَمَنْ يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلا يُظْلَمُونَ نَقِيراً] (النساء:١٢٤).

واته‌: هه‌موو ئه‌و په‌رستراوانه‌ی كه‌ موشریكه‌كان دایان ناون به‌ شه‌فاعه‌تكار بۆ خۆیـان و ئیعتیقادیـان وایـه‌ شه‌فاعه‌تیان بۆ ده‌كه‌ن ـ هـیچ كـام لـه‌م په‌رسـتراوانه‌یان شـه‌فاعه‌تیان پـێ ناكرێـت و، ڕێگایـان پـێ نادرێـت شه‌فاعه‌تیان بۆ بكه‌ن، ته‌نها ئه‌وانه‌یان نه‌بن كه‌ شاهیدیان داوه‌ به‌ (لا إله إلا الله) به‌ تێگه‌یشتنه‌وه‌. كه‌ ئه‌مانه‌ش (عیساو عوزه‌یرو فریشته‌كانن) ته‌نها ئه‌مانه‌و وێنه‌ی **ئه‌و خوا به‌ ته‌نها په‌رستانه‌ ڕێگایان پێ ده‌درێت** شه‌فاعه‌ت بكه‌ن، بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی شایسته‌ن كه‌ بڕواداراني ته‌نها خوا په‌رستن (المُوحِّدون).

كه‌واته‌ به‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌م ئایه‌ته‌ پیرۆزه‌ به‌ هه‌رسێ جۆره‌ ته‌فسیره‌كانیه‌وه‌ بۆمان ده‌ركه‌وت كه‌:

(أ) زۆربه‌ی ئه‌وانه‌ی خه‌ڵكی ئیعتیقادیان پێیانه‌ شه‌فاعه‌تیان بۆ بكه‌ن، نـاتوانن شـه‌فاعه‌ت بكـه‌ن؛ چـونكه‌ ته‌نها ئه‌و كه‌سه‌ ده‌توانێت شه‌فاعه‌ت بكات كه‌ (شهد بالحق وهم يعلمون) واته‌ ته‌نها خوا په‌رست بێت و، له‌سـه‌ر ڕۆشناییش بیپه‌رستێت. به‌ڵام ئه‌وانه‌ی خوا به‌ته‌نها نه‌په‌رستن و بیروباوه‌ڕو ئیعتیقادیان به‌غه‌یری خوا هه‌بێت، وه‌ك زۆر له‌ جادوگه‌ره‌كانی ئه‌مڕۆ كه‌ ئیددیعای زانینی غه‌یب ده‌كه‌ن و، خۆیان به‌پیرۆز ده‌زانن و ڕێگا به‌خه‌ڵكی ده‌ده‌ن هاواریان بكه‌نێ و، قاچیان ماچ بكه‌ن و، كڕنوشیان بۆ ببه‌ن و، پاشه‌و پـاش بگه‌ڕێنـه‌وه‌ دواوه‌ لـه‌ خزمه‌تیانـداو، سه‌ربڕینیان بۆ بكه‌ن. ئه‌وانه‌ هه‌رچه‌نده‌ نه‌فامه‌كانیان و زۆر له‌ خه‌ڵكی ناتێگه‌یشتوی تریش به‌ شـه‌فاعه‌تكاریان ده‌زانن و داوای شه‌فاعه‌تیان لێ ده‌كه‌ن؛ به‌ڵام له‌ ڕاستیدا نه‌ك هه‌ر ناتوانن شه‌فاعه‌ت بـۆ كـه‌س بكـه‌ن، بـه‌ڵكو خۆشیان شه‌فاعه‌تیشیان بۆ ناكرێت؛ چونكه‌ شاهیدیان به‌ حه‌ق بـه‌ (لا إله إلا الله) نـه‌داوه‌ بـه‌ تێگه‌یشـتنه‌وه‌. وه‌ هه‌روه‌ها به‌ شیرك و كوفر شاهیدیه‌كه‌یان هه‌ڵوه‌شاندۆته‌وه‌. وه‌ كه‌سێكیش شیركی هه‌بێت شه‌فاعه‌تی قه‌بوڵ نیـه‌، چونكه‌ مـه‌رجی شه‌فاعه‌تكار ئه‌وه‌یه‌ ته‌نها خوا په‌رست (موحد) بێت و شه‌ریك بۆ خوا دانـه‌نێت لـه‌ په‌رسـتندا. وه‌ك ئایه‌ته‌كه‌ی پێشوو به‌ڵگه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌مه‌ به‌ گوێره‌ی لێك دانه‌وه‌ی سـێهه‌م. وه‌ هـه‌روه‌ها وه‌ك لـه‌م حه‌دیسـه‌ی به‌ڵگه‌ی دووه‌مه‌شدا ده‌رده‌كه‌وێت:

به‌ڵگه‌ی دووه‌می دوو مه‌رجه‌كه‌:

(ما من مسلم يموتُ، فيقوم على جنازته أربعون رجلاً، **لا يُشركون بالله شيئاً**؛ إلا شَفَّعَهُمُ اللّهُ فيه)[1].

واته‌: هیچ موسڵمانێك نیه‌ بمرێت و چل پیاوی خوا به‌ته‌نها په‌رست كه‌ هیچ شه‌ریك بـۆ خـوا دانـه‌نێن نوێـژی (صلاة الجنازة)ی له‌سه‌ر بكه‌نن ئیللا په‌روه‌ردگار دوعاو نوێژو تكایان قبوڵ ده‌كات بۆ ئه‌و موسڵمانه‌ مردووه‌.

كه‌واته‌ ئه‌وه‌ی نوێژی جه‌نازه‌ ده‌كات و له‌ نوێژه‌كه‌یدا شه‌فاعه‌ت و تكا ده‌كات لای خوا بۆ مردوو ئه‌گه‌ر شیركی هه‌بێت ئه‌وه‌ تكای ناگیرێته‌وه‌.

---

(1) صحيح مسلم.

* وە هەروەها هەر كەسێك ڕازی بێت خەڵكی هاواری بكەنێ و دوای مردنیشی داوای شەفاعەتی لێ بكەن، ئەوە نەك هەر شەفاعەت ناكات، بەڵكو طاغوتەو دەخرێتە ناو دۆزەخەوە بە بەردەوامی لەگەڵ ئەو كەسانەدا كە دەیان پەرستن و هاواریان دەكردنێ.

* وە هەروەها هەموو ئەو جنۆكە شەیتانانەش، كە پەرستنی غەیری خوا دەڕازێننەوە بۆ خەڵكی، لەژێر پەردەی شەفاعەتكاری و دۆستایەتی كردن و خۆش ویستنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان، وە ئەم جنۆكە شەیتانانەش بەقسەیان دەكرێت و گوێڕایەڵیان دەكرێت و هاواریان دەكرێتێ، ئەوانیش ناتوانن شەفاعەت بكەن و، بۆ ناو دۆزەخیش دەڕۆن.

* وە هەروەها هەموو ئەو بت و سەنەم و دار و بەردانەی كە خەڵكی بە پیرۆزیان دەزانن و ئیعتیقادیان پێیانەو ئومێدی شەفاعەت كردنیان پێیان هەیە؛ هەر هەموویان لەگەڵ شوێن كەوتەكانیان دەچنە ناو دۆزەخەوە ـ پەنا بە خوا ـ وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

[إِنَّكُمْ وَمَا تَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ حَصَبُ جَهَنَّمَ أَنْتُمْ لَهَا وَارِدُونَ(٩٨) لَوْ كَانَ هَؤُلاءِ آلِهَةً مَا وَرَدُوهَا وَكُلٌّ فِيهَا خَالِدُونَ(٩٩) لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَهُمْ فِيهَا لا يَسْمَعُونَ(١٠٠) إِنَّ الَّذِينَ سَبَقَتْ لَهُمْ مِنَّا الْحُسْنَى أُوْلَئِكَ عَنْهَا مُبْعَدُونَ(١٠١) لا يَسْمَعُونَ حَسِيسَهَا وَهُمْ فِي مَا اشْتَهَتْ أَنْفُسُهُمْ خَالِدُونَ(١٠٢) لا يَحْزُنُهُمُ الْفَزَعُ الأَكْبَرُ وَتَتَلَقَّاهُمُ الْمَلائِكَةُ هَذَا يَوْمُكُمُ الَّذِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ] (١٠٣) الأنبياء.

واتە: ئەی موشریكەكان، ئێوەش و ئەوانەش كە دەتان پەرستن و هاوارتان دەكردنێ و داوای شەفاعەتتان لێ دەكردن جگە لە خوا، وە ئەوانیش ڕازی بوون یان بێ دەنگ بوون لەسەر ئەم پەرستنەی ئێوە بۆ ئەوان ؟!. هەردوولاتان سوتەمەنی دۆزەخن و دەچنە ناویەوە. وە ئەگەر ئەو پەرستراوانەی ئێوە شایستەی پەرستن و هاوار لێ كردن بان، ئێستا نەدەچوونە ناو دۆزەخەوە بەڵام ئێستا هەردوولاتان بە بەردەوامی تێیدا دەمێننەوە.

كەواتە ـ بێ عەقڵی و نەفامی و زەرەرمەندییە ـ موسڵمان ئیعتیقادی بە پەرۆ، یان بەردێك، یان دارێكی سەر قەبری پیاوچاكێك بێت و، بە پیرۆزی بزانێت و وابزانێت لەزەرەر دەیپارێزێت، وە سوودی پێ دەبەخشێت. وە یان باوەڕی بە كەسێكی خۆپەرست بێت شەفاعەتی بۆ بكات، بەداخەوە ئایا نازانن ئەمانە هەموویان بۆ ناو دۆزەخن و شەفاعەتیان پێ ناكرێت بۆخۆشیان !!

موسڵمانان بیربكەنەوەو هۆشیار بنەوە...

بەسیەتی لاسایی كردنەوەی كوێرانەو، بەندایەتی كردن بۆ بەندە.

(ب)ـ وە لە ئایەتەكەی سوڕەتی (الزخرف) بۆمان دەركەوت: كە تەنها ئەو كەسانە شەفاعەتیان بۆ دەكرێت، كە شاهیدیان داوە بەحەق واتە بە(لا إله إلا الله محمد رسول الله) بە تێگەیشتنەوە، نەك بەلاسایی كردنەوەی كوێرانە. وە بۆمان دەركەوت كە ئەوانەی پەروەردگار لێیان ڕازیەو دەیەوێت شەفاعەتیان بۆ بكرێت ئەوانەن كە

(شهد بالحق وهم يعلمون) **خوا بە تەنها دەپەرستن لەسەر ڕۆشنای‌یەوە.** وەك **شيخ** عبدالرحمن بن ناصر السعدي **دەفەرموێت:**

(ولا يقبل منها [أي النفس]، شفاعةٌ لِأحدٍ بدون إذن الله **ورضاهُ عن المشفوع له** ولا يرضى منه العمل إلاَّ:(١) ما أريد به وجههُ و(٢)كان على السبيل والسنّة)[1].

واتە: شەفاعەت لە هیچ شەفاعەتکارێك وەرناگیرێت لە ڕۆژی قیامەتدا بەبێ ئیزنی خواو ڕازی بوونی لە شەفاعەت بۆ کراو. وە **لە کردەوەی شەفاعەت بۆ کراویش ڕازی نابێت تەنها ئەوە نەبێت کە تەنها لە پێناوی خوا کرابێت** و **لەسەر ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بێت.**

کەواتە تەنها ئەوانە شەفاعەتیان بۆ دەکرێت کە تەنها (الله) پەرستراوو خۆشەویستیان بوو. وە تەنها عیبادەتی خوایان کردووە بە خالیسی، وە شەریکیان بۆ دانەناوەو، لەغەیری ئەو هاواریان نەکردۆتە کەس بۆ شەفاعەت کردن. وەك لە بەڵگەی سێهەمدا دەردەکەوێت:

بەڵگەی سێهەمی دوو مەرجەکە:

أبو هريرە دەگێڕێتەوە دەفەرموێت: وتم ئەی پێغەمبەری خوا: ((مَنْ أسعد الناس بشفاعتكَ؟)). **واتە: کێ بەختەوەرترین کەس دەبێت بە شەفاعەتی تۆ ؟** قال: مَنْ قال: لا إله الا الله خالصاً من قلبه، **واتە فەرمووی: ئەو کەسەی کە بڵێ:** ـ لا إله إلا الله ـ **واتە هیچ پەرستراوێکی حەق نیە تەنها الله نەبێت وە بە خالیسی لە دڵەوە ئەم شاهیدی دانە دەربچێت.**

کەواتە ئەگەر وتنی (لا إله إلا الله) **لە دڵێکی بە ئیخلاس و تەنها ڕوو لە خواو ئیعتیقاد بەخوا بوو دەرنەچێت، سوودی نیەو، بەختەوەر نابێت بە شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ.**

وە هەر کەسێك شەریك بۆ خوا دابنێت و هاوار بکاتە غەیری خواو ئیعتیقادی بە غەیری خوا بێت، ئەوە بەهیچ شێوەیەك بەر شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ ناکەوێت. وەك لە بەڵگەی چوارەمدا لەم حەدیسەدا دەردەکەوێت:

بەڵگەی چوارەمی دوو مەرجەکە:

قال رسول الله ﷺ : لِكلِّ نبيٍّ دعوةٌ مستجابةٌ فتعجّلَ كلُّ نبيٍّ دعوتَهُ؛ وإنّي اختبأتُ دعوتِي شفاعةً لِأُمّتي فهي نائلةٌ ـ إن شاء الله ـ من مات لا يشرك باللهِ شيئاً)[2].

واتە: بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوعایەکی گیرا (وەڵام دراوە) هەبووە. وە هەموو پێغەمبەرانیش (عليهم الصلاة والسلام) **دوعای خۆیان کردو وەڵامیان وەرگرتەوە. بەڵام من دوعا گیرا بووەکەی خۆم هەڵ گرتووە (شاردوومەتەوە) بۆ تکا**

---

(1) تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان (١ / ٥٨).

(2) (صحيح مسلم) .

کردنی ڕۆژی قیامەت بۆ گەلەکەم وە تکاکەم (شەفاعەتەکەم) دەگات ـ إن شـــاء الله ـــ بەهـەموو یـەکێك کـە مردبێت و هیچ شەریکی بۆ خوا پەیدا نەکردبێت واتە بە شیرکەوە نە مردبێت.

الشیخ ابن القیِّم لە شەرحی ئەم حەدیسەدا فەرموویەتی:

(تأمّل هذا الحديث كيف **جعل أعظمَ الأسبابِ التي تُنالُ بها شفاعَتُهُ تجريدَ التوحيد، عكس ما عند المشركين أنّ الشفاعة تُنالُ باتخاذهم شفعاء وعبادتهم وموالاتهم، فقلَبَ النّبيﷺ ما في زعمهم الكاذب**، وأخبر أنّ سبب الشفاعة تجريد التوحيد، فحينئذٍ يأذن الله للشافع أن يشفع. ومن جهل المشرك اعتقاده أنّ مَن اتخذهُ وليّاً أو شفيعاً أنّه يشفع له وينفعهُ عندالله، كما يكون خواص الولاة والملوك تنفع مَن والاهم و لم يعلم أنّه لا يشفع عنـــده احـــدٌ إلاّ بإذنـــه في الشفاعة، ولا يأذن في الشفاعة إلاّ لمن رضيَ قولهُ وعملهُ، كما قال في **الفصـل الأول** ﴿ ٢: ٢٥٥ من ذا الذي يشـــفع عنده إلاّ بإذنه ﴾ وفي **الفصل الثاني** ﴿٢١: ٢٨ولا يشفعون إلا لمن ارتضى ﴾ وبقي **فصل ثالث**، وهو أنّه لا يرضى من القول والعمل إلاّ توحيده واتباع رسوله ﷺ فهذه ثلاثة فصولٍ تقطعُ شجرةَ الشركِ من قلبِ مَنْ عَقَلَها و وعاها.

+-|·|-++-|·|-+*+-|·|-+*+-|·|-+*+-|·|-+*

پرسیار: ئایا موسڵمانی بیدعەچی(المبتدِع)[1] **بەر شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەوێت؟!.**

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ـ بەیارمەتی خوا ـ دەڵێم:

بیدعەچی لە گومڕایی دایەو، تاوانی بیدعەکەی زۆر گەورەیە، هەرچەندە خۆیشی هەستی پێ نـەکات، بـەڵام ئەگەر نیەتی خالص بێت بۆ خواو، تەنها خوا پەرست بێت واتە (مُوحِّد) **بێت؛ ئەوە** ـ إن شاء الله ـ **بەر شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەوێت، ئەگەرچی شایستەی چوونە ناو ئاگریش بێت و بشچێتە ناویەوە. دوایی پـەروەردگار هـەر دەیهێنێتەوە دەر بۆ ناو بەهەشت بەهۆی تەوحیدەکەی و شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ و فریشتە و بڕواداران. چـونکە هەر کەسێك شەریکی بۆ خوا پەیدا نەکردبێت، واتـە تـەنها خـوا پەرسـت بووبێـت ئـەوە** ـ إن شـــاء الله ـ **بـەر**

(1) **(المبتدع): مرۆڤی بیدعەچی، ئەو موسڵمانەیە کە بەتەنها مەبەستی خوا پەرستییە، بەڵام خـوا پەرسـتنەکەی بـەو شێوەیە نیە کە خوا دایناوە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی ﷺ واتە بۆ زیاتر لە خوا نزیك بوونەوە چەندان شتی داهێناوە لـە خوا پەرستنیدا، کە ئیزنی پێغەمبەری ﷺ لەسەر نیە٠ وە هەر شتێکیش بۆ خوا بکرێت، بەڵام خوا دای نەنابێت لە ڕێگای پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ ؛ ئەوە بیدعەیەو داهێنراوە** (مُحدَثْ)، **وە هەموو داهێنراوێکیش گومڕاییـیـەو ڕەت کراوەیـەو قـەبوڵ نابێت٠ چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویـەتی:** (مَن عمِلَ عملاً ليس عليهِ أمرنا فهو رَدّ) صحيح مســـلم: **واتـە هـەر کەسـێك عیبادەتێك بکات ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوە ڕەت کراوەیە. وە فەرموویـەتی ﷺ** : (إيّاكم و محدثات الامور فإن كـــل محدثة بدعة). **واتە: خۆتان بپارێزن لەو عیبادەتە داهێنراوانە چونکە هەموو عیبادەتێکی داهێنـراو (بیدعەیـە) و** (كـــل بدعةٍ ضلالة، وكل ضلالةٍ في النار) **وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییەو هەموو گومڕاییەکیش بۆ ناو ئاگرە.**

شەفاعەت دەكەوێت، وە ئەگەر بشخرێتە ناو دۆزەخ هەر دێتە دەرەوەو شەفاعەتی بۆ دەكرێت. بە بەڵگەی چەندەها حەدیسی ڕاستی(صەحیحی) پێغەمبەر ﷺ. بەڵام بیدعەچی لە شوێنێكدا ڕێگا نادرێت شەفاعەتی بـۆ بكرێـت، ئەویش كاتی ڕۆیشتنی موسڵمانانە بۆ سەر حەوزی (الكوثر). لەو شوێنەدا بیدعەچیەكان ڕێگەیان لێ دەگیرێـت و دەگێڕدرێنـەوە دواوەو قەدەغـە دەكـرێن لـە چـوونە سـەر ئـەم حـەوزەی پێغەمبـەر ﷺ ، وە ناهێڵرێـت شـادبن بەخواردنەوەی ئاوەكەی، وەكە پێغەمبەر ﷺ دەبینێت دەگەڕێنرێنـەوە، نازانێـت ئەمانـە بیدعەچـی بـوون؛ بۆیـە دەیەوێت شەفاعەتیان بۆبكات بۆ هاتنەسەر حەوزەكەی، بەڵام ڕێگای پێنادرێت تكایان بۆ بكات و پێی دەوترێت: تۆ نازانیت ئەمانە دوای تۆ چیان داهێناوە لەم دینەدا بەناوی دینەوە، ئـەو كاتـە پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێت: دووركەوتنەوە بۆ ئەو كەسانە بێـت كـە دوای مـن دینەكـەیان گۆڕیـوەو شـتیان لێ زیـادكردووەو داهێنـاوە، بـا دووربخرێنەوەو هەر دووربن !!.

پێغەمبەر ﷺ لە حەدیسێكدا فـەرمووی: (هل تدرون ما الكوثر ؟ هو نهرٌ أعطانيه ربي في الجنَّة، عليه خيرٌ كثيرٌ، تَرِدُ عليه أمتي يوم القيامة، آنيته عدد الكواكب، يُختلجُ العبدُ فأقول: يارب إنَّه من أُمّتي. فيقال إنّك لا تدري[1] مـا أحدثوا بعدك) (فأقول سُحقاً). فأقول كما قال العبد الصالح:

﴿ وكنتُ عليهم شهيدا مادمتُ فيهم فلما توفيتَني كنتَ أنتَ الرقيبَ عليهم وانت على كل شيء شهيد. إن تعذبهم فإنهم عبادك وإن تغفر لهم فإنك أنت العزيز الحكيم ﴾، فيُقال لي لم يزالوا مرتدين على أعقابهم مذ فارقـتَهم))[2] .

---

(1) ئەمەش بەڵگەیەكی ترە لەسەر بەدرۆ هێنانەوەی ئەو نەفامانەی كە عاشقی شیرك و بیدعەن و دژی تەوحیدو سوننەتن: كە دەڵێن: ((ئەی لاوی موسڵمان: ئەوەش بزانە، پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ ژیانێكی بەرزەخی تەواوتری هەیە، بە جۆرێكی وەها: بەردەوام ئاگاداری كردارو، گوفتاری ئوممەتی خۆیەتی!!)) بڕوانە((چەند گوڵێك لە گوڵزاری ئیسلام))(ل:٧٤).

(2) (صحيح مسلم و صحيح الجامع الصغير وزيادتُهُ)٠ (ارتد كثير ممن أسلم ورأى النبي ﷺ لمرة واحدة من اهل عام الوفـود .. والنبي ﷺ يعرفهم بهذا الوصف . ثم حصلت الردة ومات كثير منهم مرتدا . فيجيئون على الحوض وتردهم الملائكة الى النار .. وهذا ردٌّ على الذين يسبّون أبا بكر وعمر وخيار الصحابة ويقولون بأن كثيرا منهم سيدخل النار، بَيْد أنهـم لايعترفـون الا ببضعة من الصحابة فقط والباقي يعتبروهم منافقين مرتدين. والحاصل أن قول رسول الله ﷺ في الحديث (أصحابي) إشـارة إلى المرتدين الذين حاربهم أبو بكر الصديق رضي الله عنه ، وكانوا حديثي عهد بالاسلام على التفصيل الذي ذكرناه آنفا، ولـيس معناه الصحابة الأجلاء امثال أبي بكر وعمر وعثمان وعلي وحمزة وخالد والقعقاع وغيرهم).

وفي هذا الحديث تصريح بأن النبي ﷺ لا يعلم ما صار إليه حال أصحابه الذين أسلموا على يديه بـنص الحـديث ((إنـك لاتدري ما أحدثوا بعدك)). فحين رآهم عرفهم بأنهم اصحابه عام الوفود فحين اخذتهم الملائكة أخذ ينادي (ياربي أصـحابي)، بالله عليكم لو كان يعلم وهو ميت حال أصحابه ألم يعلم أن هؤلاء ارتدوا بعده؟... ثم انظر إلى استشهاده ﷺ بالآيـة ومعـنى

كەواتە: موسڵمانی ژیر، ووردبەوەو بزانەكە هەر كەسێك لە دونیا لە خوا پەرستینیدا شوێن سوننەتی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ نەكەوێت ئەوا لە قیامەت لە زەرور ترین كاتدا كە پێویستی بەئاو هەیە تینوێتی پێ بشكێنێ، بەتایبەتیبە ئاوی (كوثر) كە شیرین ترە لە هەنگوین و سپی ترە لە شیر، ـ لەو كاتەدا مەحرووم دەبێت لە خواردنەوەی ئاوی ئەو ڕوبارەی پێغەمبەری پێشەوا ﷺ.

وە پێغەمبەریش لە جیاتی شەفاعەت بۆ كردن، دوعای لێ دەكات و دەفەرموێت: (سُحقاً) واتە: هەر بادوور كەوێتەوە. چونكە لە دونیا دوور بوو لە سوننەتی من!!.

زیادە زانیاریەك لەبارەی شەفاعەتەوە

بۆ ئەوەی زیاتر بابەتی شەفاعەت تێ بگەین و هیچ نەفامێك و گومرا كەرێك بوهتان بەناوی ئێمە نەكات و نەڵێت: نوسەری ئەم كتابەو هاو بیروڕاكانی لە ئەهلی سوننەت باوەڕیان بە دوعاو شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ نیە. بۆ ئەوەی بە هەڵە موسڵمانان حاڵی نەكرێن لەو بیروڕایەی كە هەمانە، بەگوێرەی قورئان و سوننەت و تێگەیشتنی زانایان ـ لەبەر ئەوە دەڵێم: ئێمەی ئەهلی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، و هاوەڵانی ـ ڕەزای خوایان لێ بێت ـ باوەڕی ڕاست و دروست و تەواومان هەیە بە دوعاو شەفاعەتی پێغەمبەرﷺ، وە هەروەها دوعاو شەفاعەتی فریشتەو بڕوادارانیش، بەو شێوەیەی كە لە حەدیسی (صحیح) دا هاتووە:

پێغەمبەر ﷺ باسی ڕۆژی قیامەتمان بۆ دەكات، كە شەفاعەتكاران شەفاعەت دەكەن بۆ ئەو موسڵمانانەی دەچنە ناو دۆزەخەوە، بۆ هێنانە دەرەوەیان. وە پەروەردگاریش شەفاعەتیان قەبوڵ دەكات. وە دوایی بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی ئەوانە دەردەهێنێت كە بەر شەفاعەت نەكەوتوون لە ئەهلی تەوحید. وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:

﴿ فيقول الله تعالى: شفعتِ الملائكةُ وشَفَعَ النبيّون، وشفع المومنون، ولم يبق إلا أرحم الراحمين، فيقبض قبضةً من النار فيُخرِجُ منها قوماً لم يَعْمَلوا خيراً قَطّ ﴾[1].

وە هەروەكو چۆن باوەڕمان بەوە هەیە كە لە ڕۆژی دواییدا خەڵكی دەچن داوا لە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) دەكەن شەفاعەتیان بۆ بكەن و، شەفاعەت هەیە لەو ڕۆژەدا. بەهەمان شێوەش باوەڕی تەواویشمان هەیە بە شەرعیەتی داواكردنی دوعای خێر لە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان تا لە ژیانی دونیادا مابن و

ذلك انه ﷺ يُقِرُّ أن شأنه في ذلك كشأن أخيه عيسى عليه السلام؛ كان شهيدا عليهم مدة حياته ولكن بعد وفاته انقطعت مشاهدته وعلمه بهم وأن الله تعالى وحده كان هو الرقيب عليهم . فهلا آب عباد القبور الى رشدهم !!!.

(1) صحيح البخاري.

نەمردبن، بۆ تێکڕای موسڵمانان. وە چەندان بەڵگە هەیە[١] لەسەر شەرعیەتی ئەم داوای دوعا کردنە ـ لەچاکەکارانی زیندوو، کە بچیتە لایان و داوایان لێ بکەیت دوعا بۆ موسڵمانان بکەن. نەك داوا لە پیاوچاکان بکەیت لە دوورو بێ ئاگاییانەوە.

دوو وەسیلەی شەرعی بۆ بەختەوەر بوون بە شەفاعەت

دوای ئەوەی کە تێگەیشتین: داوای شەفاعەت بۆکردن لە پێغەمبەر ﷺ و پیاوچاکان دوای مردنیان، دەبێتە ڕێگری شەفاعەت بۆ کردن.

وە زانیمان تەنها موسڵمانی تەنها خوا پەرست (المُوحِّد) شەفاعەتی بۆ دەکرێت.

بابزانین ئایا هیچ وەسیلەیەکی زیاتر هەیە کە بیگرینە دەست و ببێتە مایەی بەختەوەر بوون بە شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ ؟!

لە وەڵامدا دەڵێم: بەڵێ، ئەگەر بڕواداری تەنها خوا پەرست ئەم دوو وەسیلەیەی داهاتوو بگرێتە دەست ئەوە ـ إن شاء الله ـ بە دڵنیاتر بەختەوەر دەبێت بە شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ :

١. پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(من قال حين يسمع النداء: اللهمّ رَبّ هذه الدعوةِ التامّة والصلاةِ القائمة آتِ محمداً الوسيلة والفضيلة، وابْعَثْهُ مقاماً محموداً الذي وعَدْتَهُ حَلّت له شفاعتي يوم القيامة)[٢].

واتە: هەرکەسێك دوای بانگ بیستن[٣] بڵێت: (اللهمّ رَبّ هذه الدعوةِ التامّة والصلاةِ القائمة آتِ محمداً الوسيلة والفضيلة وابعثهُ مقاماً محموداً الذي وعدْتهُ) ئەوە بەر شەفاعەتی من دەکەوێت و، خوا دەمکاتە شەفاعەتکاری.

---

(1) بڕوانە بەشی التوسُّل کە لەوێ ئەثەری عومەری کوڕی خەتتاب و موعاویەمان ﷺ باس کردووە.

(2) صحيح البخاري ـ ١٦٤ .

(3) تێبینی (١): ئەم دوعایە دوای بانگە، وەك لە حەدیسەکەدا دەفەرموێت (من قال حين يسمع النداء) وە دروست نیە قیاسی قامەت بکرێتە سەر بانگ ودوای قامەتیش بگوترێت!.

تێبینی (٢): لەم دوعایەدا سێ بڕگە زیاد کراون کە بەڕاستی لە حەدیسەکەدا نەهاتوون:

١ـ بڕگەی: (والدرجة الرفيعة العالية) دوای (الوسيلة والفضيلة) .

٢ـ بڕگەی: (وارزقنا شفاعته وزيارته) لە دوای (وعدتَّهُ) .

٣ـ بڕگەی: (إنّك لا تخلف الميعاد) لە کۆتاییدا .

ئەم سێ بڕگەیە لە حەدیسەکەدا نیە بە (صحیحی) . وە پابەند بوون بە خودی حەدیسەکە پێویستەو باشترە، لە زیاد کردن لەسەری. چونکە دوعایە؛ دوعاش عیبادەتە؛ عیبادەتیش بەگوێرەی بەڵگەیە، نەك هەوای نەفس و عەقڵ و تەقلیدی کوێرانە .

٢. **پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی:**

(من صلّى عليَّ حين يُصبحُ عشراً، وحين يُمسي عشراً، أدركَتْهُ شفاعتي يوم القيامة)[١].

واتە: هەر كەسێك كە بەیانی كردەوە (١٠) جار، سەڵاوەت بدات لەسەر من، وە كە ئێوارەشی كردەوە (١٠) جار، ئەوە شەفاعەتی منی گەیشتۆتێ ڕۆژی قیامەت[٢].

كەواتە: موسڵمانی تەنها خواپەرست، سەرەڕای تەوحیدەكەت، كە بناغەی ئیسلامەتیتە، ئەم دوو سەبەبەش بگرە دەست، بۆ ئەوەی بەر شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ بكەویت. بەڵام وریابە، نەكەیت ڕێگەیەكی داهێنراو بگریتەبەر، بە نیازی بەختەوەر بوون بە شەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ .

*** *** *** *** ***

ئێستا دەڵێین :

كێ دینێكی تازەی داهێناوەو، دینی دێرینی ئیسلامی وەلاناوە ؟!.

موسڵمانی شوێن كەوتەی قورئان و سوننەت، دوای ئەوەی جیاوازی نێوان (شەفاعەتی شیركی و شەفاعەتی شەرعی)ت بۆ ڕوون بۆوە. وەزانیت كێیە داوای شەفاعەتی شیركی دەكات، وە كێشە داوای شەفاعەتی شەرعی دەكات. وە بۆت دەركەوت كێ بێ بەش دەبێت لە شەفاعەت لە ڕۆژی دوایی و، كێش بەختەوەر دەبێت بە شەفاعەت و، شەفاعەتی بۆ دەكرێت. وە زانیت جیاوازی چییە لە نێوان (التوسل الشرعي) وە (التوسل البدعي)وە (التوسل الشركي). وە زانیت كامەیە ڕێگای لە خوا نزیك بونەوە.

كەواتە ئێستا زۆر ئاسانە لات ئەهلی باتڵ و، ئەهلی حەق لێك جیا بكەیتەوە لە دەوروبەرت وە بزانیت كێیە بەڕاستی شوێن كەوتەی پێغەمبەر ﷺ و، دەستی گرتووە بەحەق و، لەسەر دینە دێرینەكەی ئیسلام ماوەو، لە ڕێگەی ئەو باب و باپیرانەی لای نەداوە كە ئەهلی عیلم بوون و دەستگرتوو بوون بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ .

---

(1) صحيح الجامع الصغير وزيادته .

(2) **لەم حەدیسەدا دەردەكەوێت كە سوننەت وەهایە، هەركەسەی خۆی بەتەنها سەڵاوەت لێ بدات بەیانیان و ئێواران، نەك بە كۆرس و كۆمەڵ، بە دەنگی بەرز لە مزگەوتەكاندا !.**

وە دەشزانیت كێ لای داوە لە ڕێگای ڕاستی باب و باپیران و زاناو پێشەوایان و چوار ئیمامەكان و، پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ﷺ!!. وە ئەوكاتە دەزانی كێ دینی تازەی داهێناوەو، سەری لەخەڵك شێواندووەو، گومڕای كردون و، پارچە پارچەی كردوون !!:

ئایا ئەو كۆمەڵە گەنج و لاوە بڕوادارەن، كە وەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ إنهم فتية آمنوا بربّهم وزدناهم هدىً، وربطنا على قلوبهم إذ قاموا فقالوا: ربّنا ربُّ السماوات والأرض لنْ ندعوا من دونه إلهاً؛ لقد قلنا إذا شططا﴾ الكهف: ١٢.

واتە: ئەوانە كۆمەڵە لاوێكن، باوەڕیان هێناوە بەخوا كە تەنها ئەو شایستەی پەرستن و، دڵ پێ بەستن و، ئومێد پێ بوون و، ئیعتیقاد پێ بوون و، پشت پێ بەستن و، لێ ترسان و، هاوار بۆكردن و، بەگەورە دانان و، خۆش ویستن و، زەلیلی بۆ نواندن و، داوای یارمەتی لێ كردن و، لە پێناودا تێ كۆشان و، سەربڕین بۆ كردن و، ماڵ لە پێناو بەخشینە، كۆمەڵە لاوێكن ئاوا بە تەوحیدی باوەڕیان هێنا بوو بە پەروەردگاریان. وە ئێمەش ـ واتە پەروەردگار ـ هیدایەت و ڕێ نمونیمان بۆ زیاد كردن. وە دڵەكانیانمان پتەوكرد لەسەر حەق و تەوحیدو ئازایەتی. وە نەترسانمان پێ بەخشین بە شێوەیەكی وا كە ڕاست بوونەوە ڕوو بەڕوی سەركردە موشریكەكەیان و، عەقیدەی تەوحیدی خۆیان بە شانازیەوە خستەڕوو و وتیان: پەروەردگاری ئێمە پەروەردگاری هەموو ئاسمانەكان و زەویە. كەواتە تەنها ئەو پەرستراو (إله)ی حەقەو شایستەی پەرستن بۆ كردن و هاوار بۆ كردنە؛ بۆیە ئێمەی ئەهلی تەوحید ﴿ لَنْ نَدعو من دونه إلهاً ﴾. واتە: غەیری ئەو پەروەردگارە هاوار ناكەینە هیچ پەرستراوێكی تر و، پەرستنی بۆ ناكەین؛ چونكە ئەگەر هاوار بكەینە غەیری ئەو پەروەردگارە، ئەوە: ﴿ لقد قُلْنا إذاً شططاً ﴾ واتە: قسەیەكی زوڵم و پێچەوانەی ڕاست و لە حەق دەرچوومان كردووە.

ئا بەم شیوەیە پەروەردگار بیروباوەڕی ئەو گەنجانەی باس كردووەو، خۆیشی لەوە لێیان ڕازی بووە. جا ئایا ئەو كۆمەڵە گەنجەی كە ئەمە عەقیدەكەیان بوو، وە پەروەردگار پەسندی كردبون، ئایا ئەمانە لەسەر حەق و دینی ئیسلامن، یان ئەو خەڵكە نەفامانەی كە شەریك بۆ خوا دادەنێن لە پەرستنداو، هاوار دەكەنە غەیری خوا؛ وەك پەروەردگار وەسفی ئەوانیشمان بۆ دەكات: ﴿هَؤُلاءِ قَوْمُنَا اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ آلِهَةً لَوْلا يَأْتُونَ عَلَيْهِمْ بِسُلْطَانٍ بَيِّنٍ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِباً؟!﴾ الكهف:١٥.

واتە: ئەو قەومەی ئێمە لەغەیری خوا چەند پەرستراو(ئالیهە)ێكی تریان بۆ خۆیان داناوەو، هاواریان دەكەنێ و، داوای یارمەتی و پەنادان و پاراستن و بە فریاكەوتنیان لێ دەكەن و، ماڵ و سامانیان لە پێناودا دەبەخشن و، ئیعتیقادیان پێیانەو، لێیان دەترسێن و، بە گەورەیان دادەنێن و، زەلیلییان بۆ دەنوێنن !!.

بـەڵام بۆچـی بەڵگەیـەکی ڕوون و ڕاسـت ناهێننـەوە لەسـەر شـەرعیەتی دانـانی ئـەم پەرسـتراوانەو داوای بەفریاکەوتنیان لێیان ؟![1]

وە بێگومان هاوبەشی پەیداکەرانی کۆن و تازەش هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە لە شـوبهە زیـاتر. کەواتـە ئـەو دینە داهێنراوو تازەیە کە ئـەوانی لەسـەرن و، بـەناوی ئیسـلامەتیەوە دەیکـەن و، دەڵـێن: واسـیتە دانـان و، شەفاعەت دانان لەنێوان خۆمان و خوادا بەئەمری خوایە ــ بـەبێ بەڵگـەش وا دەڵـێن ـ . کەواتـە ئەمانـە درۆ بەناوی خواوە دەکەن و، بوهتانی بۆ دەکەن و، دینێکی تازەیان داهێناوە. وە کەسیش لەوە زاڵـم تـر نیـە کـە درۆ بەناوی خواوە دەکات و، شتێك بە دینی خوا دادەنێت کە خوا بە دینی دانەناوەو فەرمانی پێ نەکردووە.

جا ئەمـەیە عەقیدەو دینی ئەم خەڵکە نەفامانەی کە دژایەتی خـوا بـە تـەنها پەرسـتەکان دەکـەن. خۆیـان شەریکیان بۆ خوا داناوە بەبێ بەڵگەو، درۆیان بەناوی خواوە کردووەو، دینێکی تازەیان هێناوەو، کەس لـە ئـەوان زاڵم تر نیە، وەك پەروەردگار فەرمووی:﴿ فمن أظلم ممَّنِ افترى على الله كذباً ﴾. واتە: کێ زاڵم ترە لەو کەسەی درۆ بەناوی خواوە دەکات و، شتێك بەناوی خواوە دەڵێت کە خۆی نەیفەرمووە؟!.

وە سەرەڕای ئەم هەموو ڕوون کردنەوەیەش گۆڕپەرستان هەر وازناهێنن لە دینە داهێنراوە تازەکەی خۆیـان، وە لە پێناوی دینەکەشیاندا چەندان شوبهەی تر بڵاو دەکەنەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی سادەو ناتێگەیشتوی پێ ڕاو بکەن، بەڵام بە پشتیوانی خوا بە بەڵگەی حەق لە قورئان و سوننەت، یەك لە دوای یـەك هـەموو شـوبهەو درۆکانیـان هەڵدەوەشێنینەوە ـ إن شاء الله ـ.

ئێستاش بەرەو شوبهەیەکی تریان:

---

(1) تێبینی: بەڵگە ئەوەیە کە دوو سیفەتی تێدا بێت:

یەکەم: ڕاست بێت واتە یان ئایەتێکی قورئان بێت کە هەمووی ڕاستە. وە یان حەدیسێکی(صحیح) بێت؛ بەڵام حەدیسی هەڵبەستراو بـەناوی پێغەمبەرەوە ﷺ یان حەدیسی لاواز(ضعیف) بەڵگە نیەو قەبوڵ نیە.

دووەم : پێویستە ئەو قەولە ڕاستە کە ئایەتێکی قورئان یان حەدیسێکی (صحیح)ـە، ڕوون و ئاشکراو (صریح)یش بێت لەسەر ئەو بابەتـەی بەڵگەکەی بۆ هێنراوەتەوە. چونکە با قەولەکە ڕاستیش بێت، بەڵام کە بە ڕوون و ئاشکرا باسی ئەم بابەتە نەکات؛ ئەوە بە شوبهە دادەنرێت نەك بە بەڵگە.

وە کە سەیری قسەکانی گۆڕپەرست ونەفامەکان بکەین، دەبینین هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە. چونکە قسەکانیان یـان ڕاسـت (صـحیح) نـین، بەڵکو حەدیسی (ضعیف وموضوع)ن، وەیان ڕاستن بەڵام ئاشکراو ڕوون(صریح)نـین! و، ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدیان نیـە بـەم بابەتـەی کـەبۆی هێنراوەتەوەو، بەڵگە نیە لەسەری بەڕوونی، بەڵکو:(كلمةُ حق أريد بها الباطل): واتـە قسـەیەکی حەقـەو بـۆ مەبەسـتێکی ناحـەق بـەکار هێنراوە. کەواتە خاوەنی شوبهەن ، نەك بەڵگە !.